# لەنێوان نووسەر و دەرهێنەری شانۆییدا

د. فازیل جاف
(سوێد)



گەلێ لە شانۆکارانمان باس لە مردنی دەق و لە مەرگی درامانووس دەکەن، هەندێکیان پێیان وایە داهێنان و ئەزموونکاری لە مردن و سەربڕینی دەقەوە دەست پێدەکا، ئەمەش بۆ تێگەیشتنی هەڵەی پێوەندی نێوان نووسەر و دەرهێنەر دەگەڕێتەوە، کە هەر لە سەرەتای پەیدابوونی پیشەی دەرهێنەر، پێش پتر لە سەد ساڵ بە نووسەری دراماوە هەبووە.

شانۆ بەر لە سەرهەڵدانی پیشەی ڕیژیسێۆر، شانۆی نووسەر بوو، چونکە جیهانبینی نووسەری تێدا باڵادەست بوو، هەر بۆیە دەڵێین شانۆی شکسپیر، شانۆی مولییێر، شانۆی گۆگۆل، بەڵام لەگەڵ پەیدابوونی شانۆی هونەریی مۆسکۆ و کەسایەتی ستانیسلاڤسکی وەکو یەکەم دەرهێنەر (لە ڕووی پیشەییەوە) ئیدی ناو و پایەی ڕیژیسێۆر بە زەقی بەرچاو دەکەوێ و لە زۆر بواریشدا جێگای فراوانی خۆی داگیر دەکا، بۆیە ئێستا دەڵێین، شانۆی ستانیسلاڤسکی، شانۆی میێرهۆڵد. شانۆی برێخت، گرۆتۆڤسکی، ئارتۆ، برووک.. تاد.

ئەگەر بە وردی لە ڕەوتی شانۆی مۆدێرن و هاوچەرخ بکۆڵینەوە، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە دەرهێنەران، تەنانەت دەرهێنەرانی شانۆی پۆست مۆدێرنیزمیش کە لە هەمووان پتر باس لە باڵادەستی ڕیژیسێۆر دەکەن، تەنیا لە یەک حاڵەتدا پایەی یەکەم لە شانۆدا بە دەست دەهێنن، کاتێ کە تەواو کارامە و داهێنەرن و ئەوانەن کە شایستەی سیفەت و نازناوی بلیمەتین، کەسانی وەکو مییرهۆڵد، ئارتۆ، برێخت، گرۆتوڤسکی، برووک،..تاد، ئەوانە خاوەن قوتابخانە و ڕێچکە و شێوازن، لە بواری هونەری دەرهێناندا دید و جیهانبینی خۆیان هەیە، کە جێگای جیهانبینی نووسەری گرتۆتەوە، یان بەسەریدا زاڵ بووە، هەندێ جاریش هاوتەریبن. ئەوان بەشێوەیەکی هونەرمەندانە و داهێنەرانە ڕەفتاریان لەگەڵ دەق و نووسەر و جیهانی نووسەردا کردووە، بۆیە هەر لە سەرەتاوە نازناوی نووسەری دووەمیان پێدراوە، وەکو لە حاڵەی مییرهۆڵددا دەیبینین.

کاتێ مییرهۆڵد، شانۆنامەی (ڕیڤیسێۆر- پشکنەر)ی گۆگۆڵ-ی خستە سەر شانۆ، بەشێوەیەکی نوێ ڕەفتاری لەگەڵ ئەو دەقەدا کرد، ڕەخنەگران گوتیان مییرهۆڵد تەنیا شانۆنامەی ڕیڤیسێۆر- پشکنەری نەخستە سەر شانۆ بگرە هەموو ئەدەبی گۆگۆلی خستە سەر شانۆ، لێرەدا سیفەتی نووسەری دووەم بە شێوەیەکی چەسپاوتر درایە ڕیژیسێۆر.

بۆ ئەم ئەرکە دەرهێنەر دەبێ بلیمەت بێ. دەرهێنەر دەبێ وەستابێ، کارامە و دەستڕەنگین و خاوەن ئەزموون بێ، نەک لە سەرەتای فێربوون بێ و هێشتا قوتابی بەشی دەرهێنان بێ، یان ئارەزوومەند (هاوی) بێ.

بەدرێژایی مێژووی شانۆ، نووسەر خۆی دەرهێنەری خۆی بووە، لەگەڵ سەرهەڵدانی پیشەی دەرهێنەر کێشەی نێوان نووسەر و دەرهێنەر سەبارەت بە ڕەفتار و مامەڵەکردن لەگەڵ دەقی شانۆدا دەست پێدەکا، لێرەوە کەسێکی دی کار لەسەر دەقی نووسەر دەکا کە نووسەر خۆی نییە، ئەمە لە جیهانی شانۆدا دیاردەیەکی نوێ بوو. کاتێکی زۆر و زەمەنێکی دوورودرێژی خایاند تاکو نووسەران ئەم مافەیان بە دەرهێنەران ڕەوا بینی، بەڵام نەک بۆ هەموو دەرهێنەرێک، تەنیا بۆ ئەو دەرهێنەرانەی کە خاوەن قوتابخانە و میتۆد و جیهانبینی خۆیان بوون، وەکو ئەو ناوانەی کە ئاماژەم بۆ کردن.

ڕۆژێک کە لە زانکۆی لەندەن قوتابی ماجستێر بووم ئامادەی سیمیناری درامانووسێکی بەریتانی بووم کە ناوی نیک دییر (Nick Dear)ـە، ئەم نووسەرە گەلێ گلەیی لەو ڕیژیسێۆرانە دەکرد کە بێ پەروا دەستکاری دەقەکانی دەکەن. پێم گوت:

– جا چی تێدایە بڕوانە مییرهۆڵد، چەند دەستکاری دەقەکانی ئەسترۆڤسکی و لیۆنیدۆڤ و گۆگۆلی کردووە.

– لە وەڵامدا گوتی:

– منیش ئەگەر ڕیژیسێۆرێکی وەک مییرهۆڵد دەستکاری دەقەکانم بکا قبووڵمە، بەڵام نەک کەسێ کە خۆی هێشتا قوتابی پەیمانگەی شانۆیە، یان ڕیژیسێۆرێکی ئارەزوومەندە (هاوی).

لە بیرمە کە لە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی بەغدا قوتابی بووم، دەرهێنەرێکی قوتابی شانازی بەوەوە دەکرد کە چۆن توانیویەتی (هاملێت)ی شکسپیر کورت بکاتەوە بۆ (١٧) لاپەڕەی بە دەست نووسراو، مامۆستا بەهنام میخائیل لە داخا لە هەموو جێگایەکدا ئەمەی بە تەوسەوە دەگێڕایەوە.

کاری دەرهێنەر لەگەڵ داهێنانی نووسەر هاوتەریب دەڕوا، داهێنانی هەردووکیان لەسەر بنەمای کەشف و جیهانبینی دەڕۆن، هەردووکیان جیهان و داهێنانی یەکدی دەوڵەمەند دەکەن. پیشەی دەرهێنەریی دیارییەکی مەزن بوو بۆ شانۆ، چونکە پیشەیەکە ڕێگای بۆ چەکەرە کردن و گەشەکردنی جیهانبینی هەموو هاوکارانی شانۆ خۆش کرد، جیهانبینی سینۆگراف، جیهانبینی ئەکتەر، جیهانبینی پسپۆڕانی ڕووناکی و جلوبەرگ و دەنگ و...تاد ئەوانە تەنیا لە پاش سەرهەڵدانی ڕۆڵی دەرهێنەر پانتایی ڕاستەقینەی خۆیان داگیرکرد، کە ئێستا لە زۆر جێگادا ناوی سینۆگراف لەگەڵ ناوی ڕیژیسێۆر دەنووسرێ.